www.kurdistannet.org

# پەیامێك بۆ بەڕێزان سەلام عەبدوڵا و حەمە سەعید حەسەن ولایەنگرانیان

سڵاو و ڕێزی منتان پێشكەش...

ئازیزان..دەستتان دەگووشم وەکو شاعیر و ڕەخنەگر،بەڵام دەست خۆشیتان لێ ناكەم بۆ ئەو دەمەتەقێ ناشارستانی یەی دوور لە پرەنسیپی ڕەخنە گرتن و خوێندنەوەی مەوزوعیانە. دەستتان دەگووشم وەکو دڵسۆزانێك بۆ كێشەی هەڵەبجە و ئەنفال دادگایی كردنی تاوانباران،بەڵام دەست خۆشیتان لێ ناكەم بۆ ئەو بگرە و بەردەیەی كە پێكتان هێناوە لەسەر جیاوازی بیر و ڕا. دەستتان دەگووشم وەکو قەڵەم بەدەستانێك كە بەدوای خزمەت كردنی فەرهەنگی بەرزی مرۆڤی كوردەوە بن،بەڵام دەست خۆشیتان لێ ناكەم پێشێلی سەرەتایی ترین مافی مرۆڤ بن. دەستتان دەگووشم بۆ پڕۆژە ڕۆشنبیری و ڕەخنەیی یەکانتان.بەڵام دەست خۆشیتان لێ ناكەم بۆ ململانێی شەخسی . دەستتان دەگووشم بۆ ووتار و شیعرەكانتان،بەڵام دەست خۆشیتان لێ ناكەم بۆ جنێو و قسە ناشرینەكانتان. دەستتان دەگووشم بۆ ئەفراندن و داهێنانە هونەری و ئەدەبی و ڕەخنەیی یەكانتان ،بەڵام دەست خۆشیتان لێ ناكەم بۆ شەڕە ووتاری بێ مانا.

ئازیزان/جیاوازی بیر و ڕا شتێكی زۆر ئاسایی یە و گفتو گۆ ودایە لۆگ لەسەر جیاوازی یەكانمان و تێڕوانینمان بۆ دونیا و دەورو بەر،بۆ كێشە سیایە یەكان،بۆ هونەر و ئەدەب،بۆ گۆمەڵگە و گرفتە چینایەتی یەكان،بۆ كورد و مافی چارەنووس ،بۆ كارەساتە جەرگ بڕەكەی جینۆساید و ئەنفال و كۆ ڕەو و ...تاد.گفت وگۆ و جەدەل لەسەر جیاوازی یەكانمان بەلەبەر چاو گرتنی پرەنسیپە كانی ڕۆژنامە گەری و بە شێوازێكی مۆدێرن و دیموكراتی و بە سەلماندنی ئازادی ڕا دەربڕین...زۆر سوود بەخشە ویەرەنجامی بە سوودیشی لێ ئەكەوێتەوە.

بەڵام ئازیزان/ئەم شەڕە ووتارەی ئێوە،ئەم هەموو قسە سووكانە بە یەكتر،ئەم هەموو بێ ڕێزی نواندنە لە پای چی؟

ئەگەر پێتان وایە بە شەڕە ووتار خزمەت بە بزاڤی ڕۆشنبیری كوردی ئەكەن ...ئەوا هەڵەن!

ئەگەر پێتان وایە بە هۆنینەوەی جنێو و قسەی ناشیرین گرەوی ململانێی سیاسی ئەبەنەوە...ئەوا هەڵەن!

ئەگەر پێتان وایە بە سووك تەماشای یەكتر كردن دەبێتە هۆی سەنگینی ...ئەوا هەڵەن!

www.kurdistannet.org

ئەگەر پێتان وایە کورد و کێشەی هەڵەبجە و ئەنفال و بزاڤی هونەری کوردی پێویستی بەم جۆرە ووتارانەی ئێوە هەیە کە پڕە لە شتی شەخسی...ئەوا هەڵەن!

ئەگەر پێتان وایە بەم شێوەیە پایگاتان پتەو دەبێ لە نێو ڕۆشنبیران و ئەدیبان و نووسەرانداو قەڵەمتان بەرز تر دەبێ...ئەوا هەڵەن!

بەڕێزان/هەر کەسێك کە ئەهاتە نێو شەڕەکەتانەوە ،ئاگرەکەی خۆشتر ئەکرد،پەیامی من لەیەنگری لە هیچ لایەکتان نیە،بەڵکو پەیامی من بانگەواز کردنی ئیوەیە بۆ کۆتایی هێنان بەم شێوازە کۆن و نا مۆدێرنە کە هیچ دەست کەوتێکی نە بۆ کورد و نە بۆ ئێوە و نە بۆ ئێمەی خوێنەر تێدا نیە. پەیامی من دەست بەکار بوونتانە لە پڕۆژە ڕۆشنبیری و ڕەخنەیی یەکانتان و بە کار بردنی ووزە و توانایی یەکانتانە لە پێناو بزاڤی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و ئامانجە بەرزە مرۆیی یەکان.

خۆشەویستان/هەر دوێنێ بوو کاتێك شەڕی هەردوو لایەنە دەسەڵات دارەکەی کوردستانی باشوورهەڵگیرسا چ مەئساتێکی گەورەشی لەگەڵ خۆیدا وەك بەرەنجام هێنایە نێوەندە ڕۆشنبیری و ئەدەبی یەکانی کورد لە هەندەران.جا هیوادارم بە دەرس وەرگرتن لە دوێنێ ،هەوڵ بدەین بە هەموو لایەکەوە تێ بکۆشین لە پێناو ئامانجە بەرزەکانی مرۆڤ لە ڕزگاری و ئازادی و یەکسانی.

دەستتان دەگووشم و ڕێزی زۆرم بۆتان هەیە.

..................................عەبدولا سلێمان(مەشخەڵ)

..................................29-03-2002

.................................ڤانکۆڤەر/کەنەدا